# پەیامی سەرەخۆشی بەبۆنەی گیان بەخشینی هاوڕێ ی ئازیزمان "عەبدول حوسەین سەددام" ئەبوئەمیر

**لەسەرووکی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئیران- حیکمەتیستەوە.**

**فاتحی شێخ:**

**بۆ خیزانی هاوڕێی ئازیزمان عەبدولحوسەین سەددام، ئەبو ئەمیر**

**بۆ هاوڕێ سەمیر عادل، سەرۆکی کۆنگرەی ئازادی عێراق**

**بۆ هاوڕێ سامان کەریم سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق**

**بۆ هاوخەباتگێڕانی هاوڕێ عەبدولحوسەین و هەموو کۆمۆنیستەکان و خەڵکی ئازادیخوازی رێکخراو لەحیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق و کۆنگرەی ئازادی و هیزی ئەماندا.**

بەبۆنەی لەدەستدان و گیان بەخشینی هاوڕێ عەبدولحوسەین سەددامەوە، ولەلایەن مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیران-حیکمەتیستەوە، لەدڵەوە سەرەخۆشی خۆمانتان پێڕادەگەیەنم. تیرۆری وەحشیانەی هاوڕێ ئەبو ئەمیر ئەڵقەیەکە لەزینجیرەی هەزاران ئەڵقەی تاوانکاری، کەلەلایەن هیزەداگیرکارەکانی ئەمریکاو دارو دەستەی کۆنەپەرستانی ئیسلامی و قەومی، دەسەلاتدار لەعیراق وباندە میلیشیایی وتیرۆریستییەکانیانەوە، بەرامبەر بەخەلکی ئازادیخوازی عیراق ئەنجامدەدرێت. ئەمە نیشانەیەکی ترە لەسەر پێویستی و هەقانیەتی خەباتی بێ ئەمان و سەرسەختانەی کۆمۆنیستەکان و خەڵکی ئازادیخوازو رێکخراو لە ریزەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق و کۆنگرەی ئازادی وهیزی ئەماندا، بەمەبەستی کۆتایی هێنان بە تاوانکاری وتیرۆرو نائەمنی و بەو جەهەنەمەی کەلە عیراق لەگۆردایە. داوام ئەوەیە چ لەغەمی قوڵی لەدەستدانی هاوری عەبدول حوسەین وچ لەخەباتتان تاگەیشتن بەسەرکەوتن ئیمە بەشداری خۆتان بزانن.

**بژی یادی هاورێ ی ئازیز ئەبو ئەمیر**